# پەیماننامەی جیهانیی زارۆکان

دەوڵەتانی یەکگرتوو
ئەنجومەنی گشتی
20 ی نۆڤەمبەری 1989

## پێشەکی

دەوڵەتانی پەیمانبەست،

کە، لەبەر ڕۆشنایی پرنسیپەکانی «بەیاننامەی دەوڵەتانی یەکگرتوو»، پێیان وایە سەلماندنی باوەڕی سەروەریی ڕەسەن لای هەموو ئەندامانی مرۆڤایەتی و باوەڕی ئەوەی مافی هەر هەموو یەکسانە و دەست تێوەردان هەڵ ناگرێ، بنامەیە بۆ ئازادی، دادپەروەری و ئاشتی لە جیهاندا،

ڕەچاوی دەگرن کە، گەلانی دەوڵەتانی یەکگرتوو، لە «بەیاننامە» کەیانەدا، دووپاتی دەکەنەوە کە باوەڕیان هەیە بە مافە بنگەییەکانی مرۆڤایەتی و بە سەروەری و ڕێزی تاکەکەس و بڕیارە کارئاسانی بکەن هەم بۆ گەشانەوەی جڤاکی و هەم بۆ سەرخستنی ئاستی گوزەران بە ئازادییەکی زیاترەوە،

دەیسەلمێنن کە، سازمانی دەوڵەتانی یەکگرتوو، هەم لە «جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ» و هەم لە «پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافی مرۆڤ» - دا، بەیانی کردووە و هاوڕایە لەسەر ئەوەی هەموو ئەو ئازادی و مافانەی باسیان لەوێدا هاتووە بە هەموو مرۆڤێک ڕەوایە، بێ هیچ جۆرە جیاوازییەک، وەک ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند، زمان، دین، بیروڕای سیاسی یان هەر بابەتێکی دیکە، بنەچەی نەتەوەیی و جڤاکی، سامان، بنەماڵە یان هەر پلەوپایەیەک.

جەخت دەکەن لەسەر ئەوەی، سازمانی دەوڵەتانی یەکگرتوو، لە «جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ»– دا بانگی داوە کە زارۆک مافی هەیە لە سەرپەرشتی و هاوکاریی تایبەتدا.

باوەڕیان هەیە بەوەی خێزان - کە پۆلێکی بنگەیی جڤاتە و ژینگەیەکی سروشتییە بۆ گەشە کردن و خۆش گوزەرانیی هەموو ئەندامانی و بەتایبەتی زارۆک – دەبێ پاراستن و هاوکاریی پێویستی بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی بەرپرسایەتیی تەواوی خۆی لە جڤاتدا ببینێت.

دەیسەلمێنن کە زارۆک، بۆ گەشە کردنی تەواو و هاوئاهەنگی کەسایەتی خۆی، لە ژینگەی خێزاندا، پێویستی بە کەژێکی شاد، پڕ خۆشەویستی و دەرک کردن هەیە.
بڕوایان وایە کە دەبێ زارۆک تەواو ئامادە بکرێت بۆ ژیانێکی سەربەخۆی ناو کۆمەڵگە و لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیرۆکانەی ناو «بەیاننامەی دەوڵەتانی یەکگرتوو» بار بهێنرێن، بە تایبەتی بیرۆکەگەلی ئاشتی، سەروەری، سنگفرەوانی، ئازادی، یەکسانی و هاوکاری.

ڕەچاوی دەگرن کە، پێداویستیی سەرپەرشتییەکی تایبەتی زارۆک جێگیرە، هەم لە «بەیاننامەی ژنێڤ – دەربارەی مافی زارۆک» ی ساڵی 1924 - دا و هەم لە «بەیاننامەی مافی زارۆک» - دا کە 20 ی نۆڤەمبەری 1959 لە لایەن ئەنجومەنی گشتییەوە بڕیاری درا. پاشان ئەم پێداویستییە سەلمێندرا لە «جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ» و لە «پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافگەلی مەدەنی و سیاسی» (بە تایبەتی لە بەندی 23 و 24 دا) و لە «پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافگەلی ئابووری، جڤاکی و فەرهەنگی» (بە تایبەتی لە بەندی 10 دا) و هەروەها لە ڕێنامە و ئامرازەکانی کۆمەڵەی پەیوەندیدارەکان و سازمانە نێونەتەوییەکانی کار بۆ خۆشگوزەرانیی زارۆک دەکەن.

ڕەچاوی دەگرن کە، هەروەک لە «بەیاننامەی مافی زارۆک» دا هاتووە: «زارۆک، بە هۆی کاڵیی لەشەکی و هۆشەکییەوە پێویستی بە سەرپەرشتی و پاراستنی تایبەت هەیە کە داوای پەرژینی قانوونی دەکات، هەم پێش، هەم پاش زان».

جەخت دەکەن لەسەر ئەو پەیماننامانەی باس لە پرنسیپە جڤاکی و مافەکییەکان دەکەن کە دەربارەی سەرپەرشتی و پاراستنی زارۆکن. بەتایبەتی ئەوانەی سەربە دۆزی جێنشین و تەبەننیی زارۆکن، لە هەردوو بواری میللی و نێونەتەوەییدا، ڕێساگەلی سازمانی دەوڵەتانی یەکگرتوو دەربارەی ئاستی هەرەژێری دادپەروەری لە مەسەلەی تاوانی لاوان (ڕێساگەلی پەکین)، هەروەها ئەو پەیماننامانەی دەربارەی پاراستنی ژن و زارۆکن کاتی تەنگانە و ناکۆکیی چەکدارانە.

دەیسەلمێنن کە، لە هەموو وەڵاتانی جیهاندا، زارۆک هەن لە بارودۆخێکی فرە سەختدا دەژین و ئەمانەش پێویستیان بە ئاگا لێ بوونی تایبەت هەیە.

گرنگی دەدەن بەوەی هەر میللەتێک نەرێت و بەهای فەرهەنگیی خۆی هەیە بۆ پاراستن و گەشەی هاوئاهەنگانەی زارۆک.

دەیسەلمێنن کە، گرنگە هاوکاریی نێونەتەوەیی هەبێت بۆ پێشخستنی گوزەرانی زارۆک لە هەر وەڵاتێک، بەتایبەتی لە وەڵاتانی فراژی.

ڕێک کەوتن لەسەر ئەوەی

## بەشی یەکەم

### بەن‌دی 1
لەم پەیماننامەیەدا، مەبەست لە زارۆک هەموو مرۆڤێکە تەمەنی ژێر هەژدە ساڵ بێت، مەگەر ئەو قانوونەی دەیگرێتەوە تەمەنێکی زووتر بۆ ڕسکان دابنێت.

### بەندی 2
1- دەوڵەتانی پەیمانبەست ڕێزی ماف‌ەکانی ئەم پەیمانانە دەگرن و دەستەبەریان دەکەن بۆ هەر زارۆکێکی ناوچەی دەسەلاتی قانوونی خۆیان بێ هیچ جۆرە هەلاوردنێک، هەر چییەک بێت ڕەگەز، ڕەنگ، زایەند، زمان، دین، بیرورای سیاسی یان هەر دیدێکی دی، بنەچەی میللی، نەتەوەیی و جڤاکی، سامان، هاندیکاپ، بنەماڵە یان هەر پلەوپایەیەکی دیکەی زارۆکەکە، دایکوباوک یا سەرپەرشتی زارۆک.

2- دەوڵەتانی پەیمانبەست هەموو هەنگاوێکی پێویست دەنێن بۆ دەستەبەر کردنی پاراستنی زارۆک بەرانبەر هەموو جۆرە هەلاوردن و سزا دانێک کە پەیوەندی بە پلەوپایە، چالاکی، بیرورا دەربڕین و بڕوای دایکوباوک، سەرپەرشت یان ئەندامێکی خێزانەکەیەوە، هەبێت.

### بەندی 3
1- لە هەموو هەڵوێستێکدا کە پەیوەندی بە زارۆکەوە هەبێ، لە هەر مەڵبەندێکی جڤاکیی خۆشگوزەران بێ، چ کەسەکی چ دەوڵەتی، دادگە، فەرمانگەی بەڕێوەبەرایەتی یان بنگەی قانوونرێژ بێ، دەبێ بەرژەوەندی زارۆک لە پلەی یەکەمدا بێ.

2- دەوڵەتانی پەیمانبەست پەیمان دەدەن هەموو سەرپەرشتی و پاراستنێکی پێویست بۆ خۆشگوزەرانی زارۆک تەرخان بکەن، بە ڕەچاو گرتنی ئەو ماف و ئەرکانەی پەیدا دەبن بۆ دایکوباوک، کەسی سەرپەرشت یان ئەوانەی بەرپرسایەتیی قانوونییان هەیە بەرانبەر زارۆکەکە و بۆ ئەم مەبەستەش هەموو هەنگاوێکی پێویستی قانوونی و ڕێبەری دەنێن.

3- دەوڵەتانی پەیمانبەست پەیمان دەدەن کە هەموو بنگە، مەڵبەند و فەرمانگەیەکی بەرپرس لە پاراستن و سەرپەرشتی زارۆک، پەیڕەوی ئەو ڕێساگەلە دەکەن کە بنگەی دەوڵەتی

دایڕشتوون، بەتایبەتی لە بواری ئاسوودەیی، تەندروستی، ژمارەی کارمەندان، ژێهاتی و هەروەها چاودێریی پسپۆڕانە.

بەندی 4

دەوڵەتانی پەیمانبەست هەموو هەنگاوێکی پێویستی قانوونی، ڕێبەری و هی دیکە دەنێن بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مافانەی لەم پەیماننامەیەدا هاتوون. دەربارەی مافگەلی ئابووری، جڤاکی و فەرهەنگی دەبێ دەوڵەتانی پەیمانبەست، هەتا ئەوپەڕی توانا کاری بۆ بکەن، گەر پێویستیش بوو هەوڵی هاوکاریی نێونەتەویی بدەن.

بەندی 5

دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێت ڕێزیان هەبێت بۆ بەرپرس‌ایەتی و ماف و ئەرکەکانی دایکوباوک یان، ئەگەر وەها باو بێ، ئەندامانی خێزانی گەورەتر یان جڤات بەپێی نەریتی ناوچەکە، یان کەسی سەرپەرشت یان ئەوانەی بەرپرسایەتیی قانوونییان هەیە بەرانبەر زارۆکەکە، کە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ فراژووتنی بەردەوامی توانای زارۆکەکە، ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی هەموار بدەن بە زارۆک لە پیادە کردنی مافەکانی ئەم پەیماننامەیەدا.

بەندی 6

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە زارۆک مافێکی خۆڕسکی هەیە کە بژی.
2- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ، هەتا ئەوپەڕی توانایان، ژیان و فراژووتنی زارۆک دەستەبەر بکەن.

بەندی 7

1- زارۆک، دەستبەجێ پاش زانی، دەبێ ناونووس بکرێ و هەر لە کاتی زانیەوە مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەن ناو، ببێتە هاوزێد و، ئەوەندەی لە توانادا بێ، دەرفەتی هەبێ بزانێ دایکوباوکی کێن و لەلایەن ئەوانەوە سەرپەرشتی بکرێ.

2- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ جێبەجێ کردنی ئەم مافانە دەستەبەر بکەن لە دەستووری میللی و هەر پەیمانێکی نێودەوڵەتیی لەم بوارەدا بەستوویانە، بەتایبەتی لە دۆخێکدا کە نەبوونی ئەم هەنگاوانە ببنە مایەی بێدەوڵەتبوونی زارۆک.

بەندی 8

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست پەیمان دەدەن ڕێزگیر بن لە مافی زارۆک لە پاراستنی ناسنامەی خۆی، کە هاوزێدەتی، ناو، پێوەندی خێزانەکی دەگرێتەوە بەوەی بە قانوون جێگیر بێ و هیچ دەست تێوەردانێکی ناقانوونی تێدا نەکرێ.

2- گەر زارۆکێک نارەوایانە بەشێک یان سەرلەبەری ڕیشاڵەکانی ناسنامەکەی لێ زەوت کرا ئەوا دەوڵەتانی پەیمانبەست هاوکاری و پاراستنی لەبار پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی زوو ناسنامەکەی زارۆک جێگیر بێتەوە.

بەندی 9

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبنە دەستەبەر لەوەدا کە، دژ بە خواستی دایکوباوک، زارۆک لە دایکوباوک جودا نەکرێتەوە مەگەر بریاری دەزگەی پسپۆڕی وەهای لەسەر بێ کە لە ژێر چاودێریی قانوونیدان، ئەویش بە مەرجێک قانوونی هەموار و ڕێبازی هەموار ئەم جودابوونەوەیە بە بەرژەوەندی زارۆکەکە بزانێت. دۆخی وەها هەیە بڕیاری لەو بابەتەی تێدا پێویستە، وەک ئەوەی دایکوباوک دەستدرێژی یان بەدهەڵوێستی بەرانبەر زارۆکەکە بکەن، یاخود دایکوباوک لەیەک جودا بن و نشیمەنی زارۆکەکە پێویستی بە بڕیار هەبێ.

2- لە پرۆسەیەکی سەربە خاڵی یەکەمی ئەم بەندە بێ، دەبێ دەرفەت بدرێ بە هەموو لایەنێکی پەیوەندیدار بەشداری پرۆسەکە بکات و بیروڕای خۆی ڕوون بکاتەوە.

3- دەوڵەتانی پەیمانبەست ڕێزی مافی ئەو زارۆکە دەگرن کە لە دایکوباوکی یان لە یەکێکیان جیابووبێتەوە لەوەدا کە ماوەماوە و بەردەوام پەیوەندیی کەسەکی و دانوستانی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەم دایک و هەم باوکیدا هەبێت، مەگەر ئەم کارە دژ بە بەرژەوەندیی زارۆکەکە بێ.

4- ئەگەر ئەم جودابوونەوەیە دەرئەنجامی کارێک بێ دەوڵەتی پەیمانبەست دەست پێشخەری بێ - بۆ نموونە، دەستبەسەردا گرتن، زیندانی کردن، دەوڵەتبەدەر کردن یان مردن (هەر مردنێک بێ لە کاتی دەستبەسەر گرتندا، هۆیەکەی هەرچییەک بێ) - بەرانبەر دایک، باوک یان هەردووکیان یان زارۆکەکە خۆی بێ، ئەوا دەوڵەتی پەیمانبەست گەر داوای لێ بکرێ دەبێ زانیاریی سوودبەخش دەربارەی شوێنی ئەندامە ونبووەکەی (یان ئەندامانی ونبووی) خێزانەکە، لە کاتی پێویستدا بداتە دایکوباوک، زارۆک - یان ئەگەر پێویست بێ - هەر ئەندامێکی دیکەی خێزانەکە، بە مەرجێک دانی ئەو جۆرە زانیارییانە دژی بەرژەوەندی زارۆکەکە نەبێت. دەوڵەتانی پەیمانبەست ئەوەش دەستەبەر دەکەن کە داوا کردنی ئەم جۆرە زانیارییانە خۆی لە خۆیدا هیچ ئاکامێکی زیانبەخشی نەبێ بۆ کەس (یان کەسانی) پەیوەندیدار.

بەندی 10

1- هاورێ لەگەڵ ئەو ئەرکەی خاڵی یەکەمی بەندی نۆیەم دەیخاتە ئەستۆی دەوڵەتانی پەیمانبەست، دەبێ داواکاریی سەفەری زارۆک یان دایکوباوکی زارۆک بۆ ناو یان بۆ دەرەوەی دەوڵەتی پەیمانبەست، بە مەبەستی یەک گرتنەوەی خێزان، لەلایەن دەوڵەتی پەیمانبەستەوە بە شێوەیەکی ئایانە (پۆزەتیف)، خێرا و مرۆڤدۆستانە چارە بکرێ. لەوەش بترازێ، دەبێ، دەوڵەتی پەیمانبەست دەستەبەری بکات کە ڕەپێش خستنی داواکاریی ئەوتۆ ئەنجامی نایانە (نێگەتیف) بۆ داواکار و ئەندامانی خێزانەکەی داواکار نەبێ.

2- زارۆکێک دایکوباوکی لە دوو دەوڵەتی جودان بن، مەگەر دۆخێکی ڕیزپەڕ بێ، دەنا مافی ئەوەی هەیە ماوەماوە و بەردەوام پەیوەندیی کەسەکی و دانوستانی ڕاستەوخۆی بە هەم دایک و هەم باوکییەوە هەبێ. دەوڵەتانی پەیمانبەست بۆ ئەم مەبەستە و هاورێ لەگەڵ ئەو ئەرکەی خاڵی یەکەمی بەندی نۆیەم دەیخاتە ئەستۆیان، دەبێ ڕێزیان هەبێ بۆ داوای زارۆک و دایکوباوک لە دەرچوون لە هەر وەڵاتێک بێ، بە وەڵاتەکەی خۆشیانەوە و سەفەری ناو وەڵاتەکەی خۆشیان بکەن. مافی لە وەڵات دەرچوون سەرفرووی تەنها ئەو جۆرە فەرمانانەیە کە قانوون بیان سەپێنێ و پێویست بن بۆ پاراستنی ئەمنییەتی دەوڵەت، شیرازەی گشتی ordre puplic و تەندروستی و نەریتی میللی یان ماف و ئازادیی کەسانی دیکە و هەروەها ڕێک بن لەگەڵ مافگەلی دیکەی ناو ئەم پەیمانانامەیە.

## بەندی 11

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ کار بکەن بۆ ڕێ گرتن لە فڕاندن و گل دانەوەی نارِەوایانەی زارۆک، بۆ یان لە، وەڵاتێکی دیکە.

2- بۆ گەیەشتن بەم مەبەستە دەبێ، دەوڵەتانی پەیمانبەست، ڕێ خۆش بکەن بۆ بەستنی پەیمانی دوولایەنە و فرەلایەنە یان بچنە ڕیزی ڕێککەوتنامەی ئامادەوە.

## بەندی 12

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبنە دەستەبەری ئەوەی گەر زارۆک گەیشتە بارێک بیروباوەڕی خۆی هەبێ، مافی هەبێ ئازادانە بۆچوونی خۆی دەربڕێ دەربارەی هەر باسێک بێت پەیوەندی بە زارۆکەوە هەبێ، لەوەشدا، بە ڕەچاو گرتنی تەمەن و پلەی ڕسینی زارۆکەکە، بۆچوونەکانی بە هەند بگیرێن.

2- بۆ ئەم مەبەستە دەبێ، لە هەموو دۆزێکی سەر بە زارۆک لە دادگە و بنگەی ڕێبەریدا، دەرفەتی تایبەت بۆ زارۆک تەرخان بکرێ کە لێی ببیسترێ، ڕاستەوخۆ یان لە ڕێی نوێنەرێکەوە یان بنگەیەکی گونجاوەوە، بە شێوەیەکی ڕێک بێ لەگەڵ ڕێساگەلی پرۆسەکاریی ناو دەستووری میللی.

## بەندی 13

1- زارۆک مافی ئازادیی دەربڕینی هەیە. ئەم مافە ئەوە دەگرێتەوە کە زارۆک، ڕەها لە سنووری دەوڵەتی، ئازادە لە لێگەڕان و دۆزینەوە و بڵاو کردنەوەی هەموو جۆرە زانیاری و بۆچوونێک، بە گوتن، بە نووسین و بە چاپ کردن، بە شێوەیەکی هونەرکارانە یان هەر شێوەیەکی دیکە زارۆکەکە لای باشبێت.

2- پیادە کردنی ئەم مافە دەشێ سەرفرووی چەند سنووردارییەک بێ، بەڵام تەنها ئەوانەی لە دەستووردا نووسراون و پێویستن بۆ:

a. ڕێز گرتن لە ماف و ناوبانگی خەڵکی دیکە
b. پاراستنی ئەمنییەتی میللی، شیرازەی گشتی ordre puplic، تەندروستی و نەریتی میللی.

## بەندی 14

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست ڕێز دەگرن لە ئازادیی بیروڕا، ویژدان و دینی زارۆک.

2- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێت ڕێزیان هەبێت بۆ ماف و ئەرکەکانی دایکوباوک یان، ئەگەر هەبێت، سەرپەرشت، کە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ فراژووتنی بەردەوامی زارۆکەکە، ڕێنوێنی و ئامۆژگاریی زارۆک بکەن لە پیادە کردنی ئەم مافەدا.

3- ئازادیی پەیڕەوی کردنی دین یان باوەڕی خۆ سەرفرووی تەنها ئەو جۆرە سنووردارییەیە کە قانوون بیان سەپێنێ و پێویست بن بۆ پاراستنی ئەمان، شیرازە، تەندروستیی گشتی و نەریتی میللی یان ماف و ئازادیی کەسانی دیکە.

## بەندی 15

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە زارۆک مافی ئازادیی ساز کردنی کۆمەڵە و ئازادیی جڤینی ئاشتییانەی هەیە.

2- پیادە کردنی ئەو مافانە نابێ سەرفرووی هیچ سنووردارییەکی دیکە بێ جگە لەوانەی دەستوور دەیان سەپێنێ و پێویستن لە کۆمەڵگەی دێمۆکراتدا، بە ڕەچاو گرتنی پاراستنی ئەمنییەتی میللی و ئەمنییەتی گشتی، شیرازەی گشتی ordre puplic بۆ پاراستنی تەندروستیی گشتی و نەریتی میللی و ماف و ئازادیی کەسانی دیکە.

## بەندی 16

1- نابێت کاروباری هیچ زارۆکێک دووچاری دەست تێوەردانی ئارەزوومەندانە و ناقانوونی بێت، چ بواری شەخسی و خێزان بێ، چ ماڵ و پێوەندی بێ، هەروەها نابێ هێرشی ناقانوونی بکرێتە سەر شەرف و ناوبانگی.

2- زارۆک مافی ئەوەی هەیە قانوون بیپارێزی لە دەست تێوەردان و هێرشی لەم بابەتە.

بەندی 17

دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە ماسمێدیا ئەرکێکی گرنگی لە ئەستۆیە و دەبنە دەستەبەری ڕاگەیشتنی زارۆک بە زانیاری و کەرەستە لە سەرچاوەی هەمەجۆری میللی و نێونەتەوەییەوە، بەتایبەتی ئەوەی ڕێ هەموار دەکات بۆ گەشەی جڤاکی، ڕوحی و ئاکارەکی زارۆک و هەروەها تەندروستیی هۆشەکی و لەشەکییان. دەوڵەتانی پەیمانبەست بۆ ئەم مەبەستە دەبێ:

a. ماسمێدیا هان بدەن بۆ بڵاو کردنەوەی زانیاری و کەرەستەی وەها کە سوودی جڤاکی و فەرهەنگییان بۆ زارۆک هەبێ و بگونجێن لەگەڵ پەیامی بەندی 29.
b. ببنە هاندەری هاکاریی نێونەتەوەیی لە بواری بەرهەم هێنان، گۆڕینەوە و بڵاو کردنەوەی زانیاری و کەرەستەی لەو بابەتە، لە سەرچاوەی فەرهەنگیی هەمەجۆری میللی و نێونەتەوەییەوە.
c. ببنە هاندەری بڵاو کردنەوەی کتێبی زارۆکان.
d. ماسمێدیا هان بدەن بەتایبەتی ڕەچاوی پێداویستیی زمان بکەن لای زارۆکی گەلانی کەمایەتی و بەرایی ناوچەکە.
e. ببنە هاندەری پێشخستنی ڕینوێنی بۆ پاراستنی زارۆک لە زانیاری و کەرەستەی وەها کە زیان بەخش بێ بۆ خۆشگوزەرانیی ئەو زارۆکە، ئەمەش بە ڕەچاو گرتنی بڕیارەکانی بەندی 13 و 18.

بەندی 18

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن بۆ دەستەبەر کردنی سەلماندنی پرنسیپی ئەوەی هەم دایک و هەم باوک هاوبەش بەرپرسن لە بواری بار هێنان و گەشە کردنی زارۆکدا. دایکوباوک، یان گەر هەبوو سەرپەرشت، بەرپرسایەتی یەکەمی هەیە لە بواری بار هێنان و گەشە کردنی زارۆکدا. دەبێ بەرژەوەندی زارۆک، لای ئەوان، پلەی یەکەمی هەبێ.

2- بە مەبەستی ڕەخساندنی دەرفەت بۆ مافەکانی ئەم پەیماننامەیە و مسۆگەر کردنیان دەبێ دەوڵەتانی پەیمانبەست هاوکارییەکی گونجاوی دایکوباوک و سەرپەرشت بکەن لەوەدا کە بەرپرسایەتی خۆیان لە بواری بار هێنان و گەشە کردنی زارۆکدا جێبەجێ بکەن. هەروەها دەبێ ببنە دەستەبەری پێشخستنی بنگە، دامودەزگە و خزمەتگوزاریی بواری چاودێری زارۆک.

3- دەوڵەتانی پەیمانبەست ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن بۆ دەستەبەر کردنی مافی سوودمەند بوون لە بنگە و خزمەتگوزاریی چاودێریی زارۆکان – بۆ ئەو زارۆکانەی مافیان لێ هەبێ و دایکوباوکیان ڕۆژانە لە کاربن.

بەندی 19

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست هەموو کارێکی گونجاوی دەستووری، ڕێبەری، جڤاکی و فێرکاری دەکەن بۆ پاراستنی زارۆک، کاتێک زارۆک لای دایکوباوکییەتی یان لای یەکێکیانە یان لای سەرپەرشتە یان لای هەر کەسێکی دیکەیە، لە هەموو جۆرە پەلاماردانی دەروونی و لەشی، دەست درێژی و بریندار کرد، فەرامۆشی و خەمساردی، بەدکاری و بەدڕەفتاری، بە پەلاماردانی سێکسیشەوە.

2- ئەم هەنگاوانەی پاراستن دەبێ، بە شێوەیەکی گونجاو، ئەوەش بگرێتەوە کە هەم ڕێبازی کاریگەر هەبێ بۆ داڕشتنی بەرنامەی جڤاکیی ئەوتۆ یارمەتیی پێویست بدات بە زارۆکەکە و کەسانی سەرپەرشتی زارۆکەکە، هەم شێوەی تازە داڕێژێ بۆ پێش پێ گرتن، دیاری کردن، ڕاپۆرتاندن، ئاڕاستە کردن، لێکۆڵینەوە، چارە کردن و بەدوادا چوونی دۆخی بەدکاری بەرانبەر زارۆک لەو بابەتانەی لە سەرەوە باس کران و، گەر پێویستیش بکات، دەست تێوەردانی قانوونیش.

بەندی 20

1- ئەو زارۆکەی بە شێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی ژینگەی خێزانی خۆی لێ زەوت دەکرێ، یان لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا ڕێی پێ نادرێ لەو ژینگەیەدا بمێنێ، مافی هەیە لەلایەن دەوڵەتەوە پاراستنی تایبەتی هەبێت و کۆمەک بکرێت.

2- دەوڵەتانی پەیمانبەست، هاوئاهەنگ لەگەڵ دەستووری میللی خۆیاندا، دەبێ سەرپەرشتییەکی بەدیل بۆ ئەو جۆرە زارۆکانە، دابین بکەن.

3- ئەم جۆرە سەرپەرشتییە دەشێ، بۆ نموونە، جێنشین کردن بێ لای خێزانی سەرپەرشت، کەفالەتی ئیسلامەتی بێ، تەبەننی بێ، یان جێنشین کردن بێ لە بنگەیەکی هەموار بۆ سەرپەرشتیی زارۆک. لە هەڵسەنگاندنی ئەم بەدیلانەدا دەبێ مەسەلەی خواستی

بەردەوامبوونی بار هێنان، پاشخانی نەتەوەیی، دینی و فەرهەنگی و زمانی زارۆک، ڕەچاو بگیرێن.

بەندی 21

لە ناو دەوڵەتانی پەیمانبەستدا، ئەوانەی تەبەننی دەسەلمێنن یان ڕێی پێ دەدەن، دەبێ دەستەبەری بکەن کە بە پلەی یەکەم بەرژەوەندیی زارۆک ڕەچاو بگیرێ و دەبێ:

a. دەستەبەری بکەن کە تەبەننی تەنها لەلایەن فەرمانگەی پسپۆڕەوە پەسەند دەکرێت، کە هاوئاهەنگ لەگەڵ قانوونی گونجاو و پرۆسەکاریی گونجاو و لەسەر بناخەی زانیاریی لەبار و باوەڕپێکراو بڕیاری سەلماندنی تەبەننییەکە دەدات، ئەویش بە ڕەچاو گرتنی پلەوپایەی زارۆکەکە بەرانبەر دایکوباکی، خزمان و کەسانی سەرپەرشت، ئەگەر پێویستیش بێ، ڕەزامەندی کەسانی پەیوەندیدار وەربگیرێ دەرباری ئەم تەبەنییە لەسەر بناخەی ڕاوێژێکی پێیان کراوە.

b. بیسەلمێنن کە تەبەنیی نێونەتەوەیی دەشی ببێتە شێوەیەکی دیکەی سەرپەرشتیی زارۆک ئەگەر نەکرێت زارۆکەکە جێنشین بکرێ لای خێزانێکی سەرپەرشت یان نەکرێت لە ناو وەڵاتەکەدا تەبەنیی بکرێ یان بە شێوەیەکی گونجاو سەرپەرشتی بکرێ.

c. دەستەبەری بکەن کە ئەو زارۆکەی دەدرێتە تەبەنیی نێونەتەوەیی هەمان گەرەنتی و نۆرمی تەبەنیی میللی دەبێت.

d. هەموو کارێک بکرێت بۆ ئەوەی لە باری تەبەنیی نێونەتەوەییدا دەستەبەر بکرێت کە جێنشین کردنی زارۆکەکە نەبێتە مایەی سوودێکی ئابووریی ناڕەوا بۆ کەسانی بەشدار لەم کارەدا.

e. دەرفەت برەخسێنرێ بۆ ئامانجەکانی ئەم بەندە، ئەوەندەی بکرێ، بەوەی پەیمان و هاوکاریی دوولایەنە و فرەلایەنە ببەسترێت بە مەبەستی دەستەبەر کردنی ئەوەی دامەزراندنی زارۆک لە وەڵاتێکی دیکە لەلایەن بنگە و دامودەزگەی پسپۆڕەوە بێ.

بەندی 22

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ کاری گونجاو بکەن بۆ دەستەبەر کردنی ئەوەی کە زارۆک داوای ستاتووی پەنابەری دەکات، یان بەپێی قانوونی میللی و نێودەوڵەتیی لەبار و پرۆسەکاریی لەبار، بە پەنابەر دادەنرێ، چ بە تەنها هاتبێ چ لەتەک دایکوباوکی یان هەرکەسێکی دیکە، پاراستنی لەباری بۆ تەرخان بکرێ و کۆمەکی مرۆڤدۆستانە بکرێ بە سوودمەندبوون لەو مافگەلانەی لەم پەیماننامەیەدا هاتوون، یان لە بەڵگەنامەی نێونەتەوەیی

دیکەدا کە دەربارەی مافی مرۆڤ و مافی مرۆڤدۆستانە بن و دەوڵەتانی ناوبراو پەیڕەوی بن.

2- بۆ ئەم مەبەستەش، دەوڵەتانی پەیمانبەست، بە شێوەیەکی لایان باش بێ، هاوکار دەبن لە هەموو چالاکییەکی لەلایەن سازمانی دەوڵەتانی یەکگرتوو، سازمانی دیکەی «نێوان - دەوڵەتی» یان سازمانی نادەوڵەتی، کە هاوکار بێ لەگەڵ سازمانی دەوڵەتانی یەکگرتوودا، بۆ پاراستن و کۆمەک کردنی زارۆکی وەها و بۆ گەڕان بە دوای دایکوباوک و ئەندامانی دیکەی خێزانی زارۆکی پەنابەر بە مەبەستی پەیدا کردنی زانیاری پێویست بۆ یەک گرتنەوەی زارۆکەکە و خێزانەکەی. لە بارێکدا دایکوباوک و ئەندامانی دیکەی خێزان نەدۆزرێنەوە، زارۆکەکە، هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەم پەیماننامەیەدا، هەمان پاراستنی دەدرێتێ کە دەدرێ بە زارۆکێکی دیکەی بە شێوەیەکی کاتی یان هەمیشەیی، لەبەر هەر هۆیەک بێ، ژینگەی خێزانیی خۆی لێ زەوت کرابێ.

بەندی 23

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە زارۆکێک هاندیکاپی لەشەکی یان هۆشەکی هەبێ دەبێ دەرفەتی ژیانێکی ڕێزدارانە و تەواوی بۆ برەخسێ لە بارودۆخێکدا کە دەبێتە دەستەبەری ڕێز گرتن و گەشە دەدات بە باوەڕبەخۆبوون و ڕێ خۆش دەکات بۆ بەشداربوونێکی چالاکانە لە کۆمەڵگەدا.

2- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە زارۆکی هاندیکاپ خاوەنی مافە لەوەی سەرپەرشتیی تایبەتی پێویستە و دەبێ، لە چوارچێوەی تواناداا، ببێتە هاندەر و دەستەبەری ئەوەی زارۆکی مافدار و کەسانی بەرپرسن لە سەرپەرشتی کردنی، ئەو کۆمەکەیان پێ بکرێ کە داوایان کردووە و گونجاوە بە ڕەچاو گرتنی بارودۆخی زارۆکەکە و بارودۆخی دایکوباوک یان کەسانی سەرپەرشتی زارۆک.

3- بە ڕەچاو کردنی پێداویستیی تایبەتیی زارۆکی هاندیکاپ دەبێ ئەو کۆمەکەی خاڵی دووەمی ئەم بەندە باسی دەکات، ئەگەر بکرێ، بێبەرانبەر بێ، بە ڕەچاو گرتنی سامانی ئابووریی دایکوباوک یان سامانی ئابووریی کەسانی سەرپەرشتی زارۆک، ئەمەش بە مەبەستی دەستەبەر کردنی سەرچاوەی کاریگەر بۆ ڕاگەیشتن بە خوێندن و ڕاهێنان، خزمەتگوزاریی تەندروستی و بووژاندنەوە و ئامادەکاریی بۆ کار کردن و دەرفەتی گەشانەوە بە مەبەستی ڕەخساندنی باشترین دەرفەت بۆ گونجان لە کۆمەڵگەدا و بۆ گەشە کردنی کەسەکی، بە

گەشە کردنی فەرهەنگی و ڕوحییەوە.

4- دەوڵەتانی پەیمانبەست بە ڕۆحێکی هاوکاریی نێونەتەوییانە دەرفەت خۆش دەکەن بۆ گۆڕینەوەی زانیاری دەربارەی چارەی پێشپێگیریی تەندروستیانە و دەرمانکاری و چارەی دەروونی و کارکردەکیی زارۆکانی هاندیکاپ، هەروەها پەیدا کردن و بڵاو کردنەوەی زانیاری دەربارەی ڕێبازی بووژاندنەوە، خوێندن و فێرکاریی پیشەیی، بە مەبەسەتی دەرفەت دان بە دەوڵەتانی پەیمانبەست بۆ زیاد کردنی توانا و زانینی خۆیان و فرەواندنی شارەزاییان لەو بوارانەدا. لێرەشدا پێداویستییەکانی وەڵاتانی فراژی بەتایبەتی ڕەچاو دەگیرێن.

بەندی 24

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە زارۆک مافی هەیە لە گەیشتن بە باشترین ئاستی مومکینی تەندروستی و مافی هەیە سوودمەند بێ لە خزمەتگوزاریی نەخۆشی و بووژاندنەوە. دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ هەوڵ بدەن دەستەبەری بکەن کە هیچ زارۆکێک ئەم مافی ڕاگەیشتنەی بە خزمەتگوزاریی نەخۆشی و تەندروستییەی لێ زەوت نەکرێ.

2- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ هەوڵ بدەن کە ئەم مافە بە تەواوی پیادە بێ و دەبێ بەتایبەتی کاری گونجاو بکەن بۆ:

a. کەم کردنەوەی مردنی زارۆک و شیرەخۆرە.
b. دەستەبەر کردنی ئەوەی هەموو زارۆکێک خزمەتگوزاریی نەخۆشی و تەندروستیی پێویستی بەر بکەوێ و سەنگی تایبەت بدرێ بە خزمەتگوزاریی تەندروستی سەرەتایی.
c. بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشی و کەمخۆراکی، لێرەشدا جێی ئەو کارانە دەبێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی خزمەتگوزاریی تەندروستی سەرەتاییەوە، ئەوەش بۆ نموونە لە ڕێی سوود وەرگرتن لە تەکنیکی نزیکەدەست و ، بە ئەندازەی پێویست، تەرخان کردنی خۆراکی سوودبەخش و ئاوی خواردنەوەی پاک لەتەک ڕەچاو گرتنی مەترسییەکانی تێک دانی ژینگە.
d. دابین کردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ دایکان پێش و پاش زان.

e. دەستەبەر کردنی زانیاری و دەرفەتی خوێندن بۆ هەموو پۆلەکانی کۆمەڵگە، بەتایبەتی دایکوباوک و زارۆک، دەربارەی خزمەتگوزاریی زارۆک و خۆراکناسی، سوودی شیردان، خاوێنی و ژینگەی پاک و پێش گرتن لە بەدرووداو و هەروەها هاوکارییان لە بەکار هێنانی ئەم زانیاریانەدا.

f. گەشە بدرێ بە خزمەتگوزاریی تەندروستیی پێشپێگیرانە، ئامۆژگاریی دایکوباوکان و هەروەها دەرس دان و هاوکاریی لە بابەتی پلانرێژی خێزانەکیدا.

3- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ هەموو کارێکی کاریگەر و گونجاو بکەن بە مەبەستی نەهێشتنی دابونەریتی کۆنی ئەوتۆ کە زیانی بۆ تەندروستیی زارۆک هەبێ.

4- دەوڵەتانی پەیمانبەست پەیمان دەدەن بنە هاندەر و دەرفەتسازی هاوکاریی نێونەتەوەیی بەو مەبەستەی پلەپلە بگەنە پیادە کردنێکی تەواوی مافەکانی ئەم بەندە. لێرەشدا پێداویستییەکانی وەڵاتانی فراژی بەتایبەتی ڕەچاو دەگیرێن.

## بەندی 25

دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە ئەو زارۆکەی لەلایەن بنگەی پسپۆڕەوە جێنشین دەکرێ بە مەبەستی سەرپەرشتی، پاراستن یان چارەسەری نەخۆشی لەشەکی و هۆشەکی، مافی هەیە لە بەسەرکردنەوەی ماوەماوەی هەم چارەسەر کردنەکە و هەم هەموو سەروبەندێکی ئەو جێنشین کردنە.

## بەندی 26

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە هەموو زارۆکێک مافی هەیە سوودمەند بێ لە ئەمانی جڤاکی، بە بیمە (تەئمین) ی جڤاکیشەوە، و هەموو کارێکی پێویستیش دەکەن بۆ پیادە کردنی تەواوی ئەم مافە بە هاوئاهەنگی لەتەک دەستووری میللی خۆیان.
2- زیادەسوود، لە باری گونجاودا، دەسەلمێندرێ بە ڕەچاو گرتنی توانای زارۆک و کەسانی بەرپرس لە سەرپەرشتیی زارۆک و بارودۆخیان بەگشتی و هەروەها بە ڕەچاو گرتنی هەموو پەیوەندییەکی دیکەی بایەخدار لە داوا کردنی ئەم زیادەسوودە لەلایەن زارۆکەوە یان بۆ زارۆک.

## بەندی 27

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە هەموو زارۆکێک مافی هەیە لە ئاستێکی گوزەرانی وەهادا بژی کە پێویست بێ بۆ فراژووتنی لەشەکی، هۆشەکی، ڕوحی و ئاکارەکی و جڤاکیی زارۆکەکە.

2- دایکوباوک یان کەسانی بەرپرس لە زارۆک، لە چوارچێوەی توانا و باری ئابوورییاندا، بەرپرسایەتی یەکەمیان هەیە لە دابین کردنی ئەو مەرجانەی گوزەران کە پێویست بن بۆ فراژووتنی زارۆک.

3- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ، هاوئاهەنگ لەگەڵ بارودۆخی میللیدا و لە چوارچێوەی تواناکانی خۆیدا کاری گونجاو بکەن بۆ کۆمەکی دایکوباوک یان کەسانی بەرپرس لە زارۆک بۆ پیادە کردنی ئەم مافە و گەر پێویست بێ دەبێ کۆمەکی ماددی و بەرنامەی یارمەتییان بۆ تەرخان بکەن، بەتایبەتی کە دێتە سەر خۆراک و پۆشاک و ماڵ.

4- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ هەموو کارێکی گونجاو بکەن بۆ دەستەبەر کردنی سەندنی مەسرەفی سەرپەرشتیی زارۆک، «نەفەقەی منداڵ»، لە دایکوباوک یان کەسانێک بەرپرسایەتی ئابوورییان بەرانبەر زارۆکەکە هەیە، بۆ زارۆکەکە، چ لە ناو وەڵات بێ و چ لە هەندەران. بەتایبەتی، لە بارێکدا کە زارۆک و ئەو کەسەی بەرپرسایەتیی ئابووریی هەیە بەرانبەر زارۆک لە هەمان وەڵات نەژین، دەبێ دەوڵەتانی پەیمانبەست دەرفەت خۆش بکەن هەم بۆ چوونە ڕیز و سەلماندنی پەیمانی نێونەتەوەییەوە و هەم بۆ پێک هێنانی کۆڕ و چالاکی دیکەی لەبار.

## بەندی 28

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە زارۆک مافی خوێندنی هەیە و بۆ ئەوەی پلەپلە بگەن بە پیادە کردنی ئەم مافە و لەسەر بنەمای دەرفەتی یەکسان، دەبێ بەتایبەتی:

a. خوێندنی سەرەتایی ناچاری بێ و بێبەرانبەر بۆ هەموان دابین بکرێ.

b. گەشە کردنی فۆرمی هەمەجۆری خوێندنی پلەی پاش سەرەتایی هان بدرێ، هەم خوێندنی گشتی و هەم فێرکاریی پیشەیی، بۆ هەموو زارۆکێک دابین و

ڕەخساو بێ، هەروەها، گەر پێویست بکات، هەنگاوی لەباریش بنرێ، وەک فێرکاریی بێبەرانبەر و کۆمەکی ئابووری.

c. خوێندنی بەرزتر، بە هەموو شێوەیەکی گونجاو، لەسەر بنەمای توانا، دابین بکرێ بۆ هەموان.

d. زانیاری و ڕێنوێنی، دەربارەی خوێندن و پیشە، دابین و ڕەخساو بێ بۆ هەموو زارۆکێک.

e. کار بکرێ بۆ هاندانی ئامادەبوونی بەردەوام لە خوێندنگەدا و کەم کردنەوەی ڕێژەی دابڕان لە خوێندن.

2- دەوڵەتانی پەیمانبەست هەموو هەنگاوێکی لەبار هەڵ دەنێن بۆ دەربەست کردنی ئەوەی دیسپلینی خوێندنگە بە شێوەیەک ڕابگیرێ هاوئاهەنگ بێ لەگەڵ سەرووەریی مرۆڤایانەی زارۆک و هاوئاهەنگیش بێ لەتەک ئەم پەیماننامەیەدا.

3- دەوڵەتانی پەیمانبەست ڕێ خۆش دەکەن و دەبنە هاندەری هاوکاریی نێونەتەوەیی لە بواری فێرکاریدا، بەتایبەتەی بۆ مەبەستی بنەبڕ کردنی نەزانین و بێسەوادی لە هەموو جیهاندا و ببێتە هۆی ئاسان بوونی ڕاگەیشتن بە زانیاری تەکنیکی و زانستانە و ڕێبازی هاوچەرخی فێرکاری. لێرەشدا پێداویستییەکانی وەڵاتانی فراژی بەتایبەتی ڕەچاو دەگیرێن.

## بەندی 29

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست ڕێکن لەسەر ئەوەی ئامانجی خوێندنی زارۆک:

a. گەشە کردنی هەموو دەرفەتەکانی زارۆکە لە بواری کەسایەتی، بەهرەمەندی و توانای لەشەکی و هۆشەکی.

b. گەشە کردنی ڕێز نانە لە مافگەلی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هەروەها بۆ ئەو پرنسیپانەی لە «بەیاننامەی دەوڵەتانی یەکگرتوو» دا هاتوون.

c. گەشە کردنی ڕێز نانە لە دایکوباوکی زارۆک، لە ناسنامەی فەرهەنگیی زارۆکەکە، زمان و بەهاکانی خۆی، لە بەهاکانی وەڵاتی زارۆکەکە و ئەو وەڵاتەی لێی دەژی و ڕێز لە فەرهەنگی دیکەی جودا لە فەرهەنگی زارۆکەکە خۆی.

d. ئامادە کردنی زارۆکە بۆ ژیانێکی بەرپرسانە لە جڤاتێکی ئازاددا بە ڕۆحێکی: پڕ لە دەرک کردن، ئاشتیخوازانە، سنگفرەوانی، یەکسانیی زایەند (ژن و پیاو) و دۆستایەتیی

نێوان هەموو گەلان، گروپی میللی، نەتەوەیی و دینی و کەسانی سەربە گروپی گەلانی بەرایی.

e. گەشە کردنی ڕێز نانە لە ژینگەی سروشتی.

2- هیچ بەشێکی ئەم بەندە و بەندی 28 نابێ بە شێوەیەک ڕاڤە بکرێ کە ببێتە هۆی داشکان لە مافی دمەزراندن و بەڕێوە بردنی بنگەی فێرکاری لەلایەن تاکەکەس و سازمانەوە بەو مەرجەی پرنسیپەکانی خاڵی یەکەمی ئەم بەندە ڕەچاو بگیرێن و بەو مەرجەی خوێندن لەو بنگەیانەدا لایەنی هەرەژێری ستانداردی خوێندن، کە دەوڵەت بڕیاری داوە، پڕ بکاتەوە.

## بەندی 30

لە دەوڵەتانی خاوەن کەمایەتیی میللی، دینی، زمانەکی یان کەسانی سەربە گروپی گەلانی بەرایی نابێ مافی زارۆکی ئەو کەمایەتی و گەلە بەراییانە پێشێل بکرێ لەوەدا کە لەتەک ئەندامانی دیکەی گروپەکەی خۆیدا گوزەرانی فەرهەنگی خۆی هەبێت، دینی خۆی ڕابگەیەنێت و پەیڕەوی بکات و زمانی خۆی بەکار بهێنێت.

## بەندی 31

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە زارۆک مافی کاتی پشوو و پشووی هەیە، مافی گەمە و گەشانەوەی ئەوتۆی هەیە گونجاو بێ لەگەڵ تەمەنیدا و هەروەها مافی هەیە ئازادانە بەشداری دنیای فەرهەنگ و هونەر بێ.

2- دەوڵەتانی پەیمانبەست هەم ڕێز دەنێن لە، هەم دەرفەت خۆش دەکەن بۆ، بەشداربوونی زارۆک لە دنیای فەرهەنگی و هونەریدا و دەبنە هاندەری پەیدابوونی دەرفەتی لەبار و یەکسان بۆ چالاکی فەرهەنگی و هونەری و هەروەها بۆ چالاکی گەشانەوە و کاتی پشوو.

## بەندی 32

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە زارۆک مافی پاراستنی هەیە لە چەوساندنەوەی ئابووری و لە کار کردنێکی زیانبەخش بێ یان ڕێگری خوێندنی بێ، یان مەترسی هەبێ بۆ تەندروستی زارۆکەکە یان بۆ فراژووتنی لەشەکی، هۆشەکی، ڕوحی، ئاکارەکی یان جڤاکیی

زارۆکەکە.

2- دەوڵەتانی پەیمانبەست هەنگاوی قانوونی، ڕێبەری و جڤاکی و فێرکارییانە دەنێن بۆ دەستەبەری پیادە کردنی ئەم بەندە. بۆ ئەم ئامانجە و بە ڕەچاو گرتنی ڕێساگەلی لەباری ناو ئامرازەکانی دیکەی نێونەتەوەیی دەبێ دەوڵەتانی پەیمانبەست، بەتایبەتی:

a. یەک یان چەندین تەمەنی هەرەژێری کار کردن دیاری بکەن.
b. ڕێسای لەبار داڕێژن بۆ ماوە و هەلومەرجی کار کردن.
c. سزا و هەنگاوی دیکە داڕێژرێ بۆ دەستەبەری پیادە کردنێکی کاریگەرانەی ئەم بەندە.

بەندی 33

دەوڵەتانی پەیمانبەست هەموو هەنگاوێکی لەبار دەنێن، بە هەنگاوی قانوونی، ڕێبەری و جڤاکی و فێرکارییەوە بۆ پاراستنی زارۆک لە بەکارهێنانی ناقانوونیی نارکۆتیکا و ماددەگەلی هۆشگۆڕ کە لە بەیاننامە نێونەتەوییەکاندا هاتوونەتە ناساندن و هەروەها بۆ پاراستنی زارۆک لەوەی بەکار بهێنرێ لە دروست کردن و لە بازرگانیی ماددەی وەهادا.

بەندی 34

دەوڵەتانی پەیمانبەست پەیمان دەدەن زارۆک لە هەموو جۆرە بەکارهێنان و پەلاماردانێکی سێکسی بپارێزن. دەوڵەتانی پەیمانبەست، بە تایبەتی بۆ ئەم ئامانجە، هەموو هەنگاوێکی لەباری میللی و دولایەنە و فرەلایەنە دەنێن بۆ ڕێگرتن لە:

a. هان دان و ناچار کردنی زارۆک بۆ کاری سێکسیی ناقانوونی.
b. بەکار هێنانی زارۆک بۆ لەشفرۆشی و کاری دیکەی سێکسیی ناقانوونیی.
c. بەکار هێنانی زارۆک لە نواندن و بابەتی پۆرنۆگرافیدا.

بەندی 35

دەوڵەتانی پەیمانبەست هەموو هەنگاوێکی لەباری میللی و دولایەنە و فرەلایەنە دەنێن بۆ ڕێ گرتن لە فڕاندن و فرۆشتنی زارۆک یان بازرگانی کردن بە زارۆکەوە بە هەر مەبەستێک بێ و بە هەر شێوەیەک بێ.

## بەندی 36

دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ زارۆک بپارێزن لە هەموو جۆرە بەکارهێنانێکی دیکەی بە هەر بارێک زیانی بۆ زارۆکەکە هەبێ.

## بەندی 37

دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبنە دەستەبەری ئەوەی:

a. هیچ زارۆکێک دووچاری ئەشکەنجە و سزا و ڕەفتاری دڕ و نامرۆڤانە و ڕێزشکێنی نەبێ. تاوانی مرۆڤی تەمەن ژێر هەژدە ساڵ نابێ حوکمی مەرگ، یان زیندانیی هەتامەرگی، بێ دەرفەتی ئازادبوون، بێ.

b. نابێ هیچ زارۆکێک ناقانوونیانە یان ئارەزوومەندانە ئازادیی لێ زەوت بکرێ. گرتن، دەستبەسەری، گل دانەوە، زیندانی یان هەر شێوەیەکی دیکەی زەوت کردنی ئازادیی زارۆک دەبێ بە پەیڕەوی کردنی قانوون بێ و تەنها وەک دوا چارە پەنای بۆ ببرێت و هەتا بکرێ ماوەی کورت بێ.

c. هەموو زارۆکێکی ئازادیی زەوتکراو دەبێ بە شێوەیەکی مرۆڤدۆستانە ڕەفتاری بەرانبەر بکرێ، بە ڕێز گرتنی سەروەریی ڕەسەنی مرۆڤ و بە ڕەچاو گرتنی پێداویستییەکانی مرۆڤ لەو تەمەنەدا. بەتایبەتی، زارۆکی ئازادیی زەوتکراو دەبێ لە تەمەنگەورە جودا بکرێتەوە مەگەر نەکردنی ئەم کارە لە بەرژەوەندی زارۆکەکەدا بێ و، مەگەر بارودۆخی ڕیزپەڕ بێ دەنا، دەبێ زارۆکەکە مافی هەبێ، بە نامە و بە سەردان، پەیوەندی لەگەڵ خێزانەکەی خۆی هەبێ.

d. هەموو زارۆکێکی ئازادیی زەوتکراو دەبێ مافی هەبێ، بە زووترین کات، ڕابگات بە هەم یاریدەری قانوونی و هەم یارمەتیی دیکەی لەباری وەک ئەوەی داوا بکات ڕەوایەتیی زەوت کردنی ئازادییەکەی لەلایەن دادگە، یان فەرمانگەیەکی دیکەی پسپۆڕی، ئازادی، بێلایەنەوە ئەزموون بکرێ هەروەها مافی هەبێ دۆزەکەی بڕیارێکی خێرای تێدا بدرێ.

بەندی 38

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست پەیمان دەدەن هەم ڕێزگیر بن لە ڕێساگەلی ناو قانوونی مرۆڤدۆستانەی نێونەتەویی کە دەربارەی ناکۆکیی چەکدارین و زارۆک دەگرنەوە و هەم دەستەبەری ڕێزگرتن بن لەو ڕێساگەلە.

2- دەوڵەتانی پەیمانبەست هەموو هەنگاوێکی مومکین دەنێن بۆ دەستەبەر کردنی ڕێگرتن لە بەشداریی ڕاستەوخۆی مرۆڤی ژێر پازدە ساڵ لە دوژمنکاریدا.

3- دەوڵەتانی پەیمانبەست، مرۆڤی ژێر پازدە ساڵ، لە هێزی چەکداری خۆدا وەرناگرن. ئەگەر مرۆڤی ژوور پازدە و ژێر هەژدە ساڵ وەرگیران ئەوا دەبێ هەوڵ بدرێ لە پێشدا گەورەکان وەرگیرێن.

4- دەوڵەتانی پەیمانبەست، هاوئاهەنگ لەگەڵ پەیمانەکانی خۆیان دەربارەی پارستن و سەرپەرشتی کردنی خەڵکی مەدەنی کە بەشێکە لە قانوونی مرۆڤدۆستانەی نێونەتەوەیی، هەموو هەنگاوێکی مومکین دەنێن بۆ دەستەبەر کردنی پاراستن و سەرپەرشتی کردنی ئەو زارۆکانەی دووچاری ناکۆکیی چەکداری دەبن.

بەندی 39

دەوڵەتانی پەیمانبەست هەموو هەنگاوێکی مومکین دەنێن بۆ دەرفەت خۆش کردنی بووژاندنەوەی لەشەکی و دەروونی و هەروەها گونجاندنەوەی جڤاکیی زارۆکێک کە دووچاری هەر شێوە بەدکاری، دەستدرێژی یان پەلاماردان بووبێ، دووچاری ئەشکەنجە یان هەر سزایەک و ڕەفتارێکی دڕ و نامرۆڤانە و ڕێزشکێن بووبێ، دووچاری ناکۆکیی چەکداری بووبێ. بووژاندنەوە و گونجاندنەوەی وەها دەبێ لە ژینگەیەکدا بێ تەندروستی و کەرامەت و سەرووەریی زارۆکی تێدا گەشە بکات.

بەندی 40

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەیسەلمێنن کە هەموو زارۆکێکی گومانلێکراو، تاوان ئاراستە کراو یان بە تاوانبار دانراو مافی هەیە بە شێوەیەک ڕەفتاری لەگەڵ بکرێ: کە دەرکی زارۆکەکە بۆ بەها و کەرامەت زیاد بکات، کە ڕێزی زارۆکەکە بۆ مافگەلی مرۆڤانە و ئازادیی بنەڕەتیی کەسانی دیکە زیاد بکات، تەمەنی زارۆکەکە ڕەچاو بگیرێ، تەمای گونجاندنەوەی

زارۆکەکە ڕەچاو بگیرێ بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگەدا ڕۆڵێکی بنیاتنەرانە بگرێتە ئەستۆ.

2- بۆ ئەم مەبەستە و بە ڕەچاو گرتنی ڕێساگەلی لەباری ناو ئامرازگەلی نێونەتەوەیی، دەوڵەتانی پەیمانبەست، بەتایبەتی دەبنە دەستەبەری:

a. نابێ هیج زارۆکێک بە هۆی کردارێکی یان هەڵەیەکی، بە قانوونی میللی یان نێونەتەوەیی ئەو دەمەی ڕووداوەکە قەدەغە نەبووبێ، بە گومانلێکراو، تاوان ئاڕاستەکراو یان تاوانبار دابنرێ.

b. هەر زارۆکێکی گومانی تاوانێکی لێ بکرێ یان تاوانێکی ئاڕاستە بکرێ لایەنی کەم ئەم دەستەبەرانەی دەبێ:

i. بە بێگوناهـ دابنرێ هەتا گوناهی زارۆکەکە بەپێی قانوون دەسەلمێندرێ.

ii. دەستبەجێ و ڕاستەوخۆ ئاگادار بکرێ لەو داوایەی لەسەریەتی، و ئەگەر گونجاو بێ، لە ڕێی دایکوباوک یان سەرپەرشتییەوە، و هەروەها یاریدەری قانوونی یان یارمەتیی دیکەی لەباری هەبێ کاتی ئامادە کردن و ڕەپێش خستنی داکۆکینامەی خۆی.

iii. دۆزەکەی بێوەخران یەکلا بکرێتەوە لەلایەن فەرمانگەیەکی پسپۆڕی، ئازادی، بێلایەنەوە یان لەلایەن بنگەیەکی دادپرسەوە لە پرۆسەیەکی بێلایەندا بەپێی قانوون و بە ئامادەبوونی یاریدەری قانوونی یان هی دیکەی لەبار وهەروەها دایکوباوک یان سەرپەرشتی زارۆکەکە، بە مەرجێک ئەمەیان دژ بە بەرژەوەندی زارۆکەکە نەبێ، بەتایبەتی بە ڕەچاو گرتنی تەمەن و بارودۆخی زارۆکەکە.

iv. زۆری لێ نەکرێت بۆ گەواهی یان بۆ سەلماندنی تاوانباریی خۆی، گەواهی دژ بە زارۆکەکە لێی بپرسرێتەوە یان بدرێ بە لێپرسینەوە و هەروەها و بەهەمان هەلومەرج داوای گەواهی بۆ زارۆکەکە بکرێ و بدرێنە لێپرسینەوە.

v. ئەگەر زارۆکەکە بە تاوانبار دانرا، ئەم بڕیارە و بڕیاری هەڵسوکەتێک، کە دەبێتە دەرئەنجامی ئەمیان، بدرێنە فەرمانگەیەکی بەرزتری، پسپۆڕی، ئازاد و بێلایەن یان بنگەیەکی دادپرسی بە پێی قانوون بۆ ئەزموون کردنەوە.

vi. بێ ئەوەی لەسەر زارۆکەکە بکەوێت، سوود لە تەرجومان وەربگیرێت ئەگەر زارۆکەکە لەو زمانەی بەکار دەهێنرێ تێنەگات و نەزانێ قسەی پێ بکات.
vii. لە سەرلەبەری پرۆسەکەدا ڕێزی تەواو لە ژیانی کەسەکی زارۆکەکە بگیرێت.

3- دەوڵەتانی پەیمانبەست هەوڵ دەدەن دەرفەت خۆش بکەن بۆ دانانی قانوون و پرۆسە، و بۆ دامەزراندنی فەرمانگە و دەزگەی وەها کە تایبەت گونجاوی ئەو زارۆکانە بێ کە گومانیان لێ دەکرێ، تاوانیان ئاراستە دەکرێ یان تاوانبار دەکرێن، و بەتایبەتی:

a. سنووری هەرەژێری سزا دیاری بکرێ،
b. گەر لەبار و بەپێویست زانرا، کار بکرێ بۆ چارەسەر کردنی ئەوانەی منداڵترن لەو تەمەنە، بێ ئەوەی پرۆسەی دادگە بەکار بهێنرێ، بەو مەرجەی مافگەلی مرۆڤ و پاراستنی دەستووریی تەواو ڕێزگیراو بێ.

4- هەنگاوی هەمەجۆر - وەک سەرپەرشتی، ڕێنوێنی و ڕێساگەلی ئامۆژگاری و چاودێری، سەرپەرشتیی ناو خێزانی سەرپەرشت، دابین کردنی بەرنامە بۆ خوێندنی گشتیی و فێرکاریی پیشەیی و بەدیلی دیکە بۆ سیستەمی سەرپەرشتیی زارۆک لە مەڵبەندی تایبەتدا - بنرێ بۆ دەستەبەر کردنی ڕەفتارێکی وەها بەرانبەر زارۆک گونجاو بێ بۆ خۆشگوزەرانیان و لەبار بێ لەگەڵ ڕەچاو گرتنی هەم بارودۆخی کەسەکیی زارۆکەکە و هەم تاوانەکە.

## بەندی 41

هیچ بەشێکی ئەم پەیماننامەیە کار ناکاتە سەر بڕیارگەلێکی زیاتر بڕۆن لە بواری ڕاستاندنی مافگەلی زارۆک، و لەمانەدا هاتبن:

a. دەستووری دەوڵەتی پەیمانبەست، یان
b. دەستوورێکی نێونەتەویی کە ئەو دەوڵەتە بگرێتەوە.

## بەشی دووەم

بەندی 42

دەوڵەتانی پەیمانبەست پەیمان دەدەن لە ڕێی هەنگاوی گونجاو و چالاکەوە بڕیار و پرنسیپەکانی ئەم بەیاننامەیە بەناو هەم زارۆک و هەم گەورەتەمەندا بڵاو بکەنەوە.

بەندی 43

1- بۆ ئەزموون کردنی بەرەو پێش چوونی دەوڵەتانی پەیمانبەست لە بواری ڕاستاندنی بەرپرسایەتییان بەپێی ئەم پەیماننامەیە دەبێ کۆمیتەیەک بۆ مافگەلی زارۆکان بێتە دامەزراندن بۆ جێبەجێ کردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە،

2- کۆمیتەکە دەبێ پێک هاتبێ لە دە پسپۆڕی ناسراو بە ئاکاربەرزیی و لێسەلمێندراو لەو بوارانەی ئەم پەیماننامەیە دەیان گرێتەوە. ئەندامانی کۆمیتەکە لەلایەن دەوڵەتانی پەیمانبەستەوە، لەناو هاوزێدانی خۆیدا، دێنە هەڵبژاردن و ئەم ئەندامانە بە توانای خۆیان کار دەکەن و لەبەر ئەوەش دەبێ هەم یەکسانیی دابەشینی جۆگرافی و هەم سیستەمی بنەما دەستووررییەکان ڕەچاو بگیرێن.

3- ئەندامانی کۆمیتەکە بە دەنگ دانی نهێنی دێنە هەڵبژاردن لە لیستەیەکی دەوڵەتانی پەیمانبەست ناوزەدیان دەکەن. هەر دەوڵەتێکی پەیمانبەست بۆی هەیە یەک ئەندامی خۆی ناوزەد بکات.

4- یەکەم هەڵبژاردنی ئەم کۆمیتەیە دەبێ ئەوپەڕی شەش مانگ پاش ڕۆژی پیادە کردنی ئەم پەیماننامەیە، بکرێت. پاش ئەوەش بە دوو ساڵ جارێک. لایەنی کەم چوار مانگ بەر لە ڕۆژی هەر هەڵبژاردنێک دەبێ سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو بە نووسین داوا لە دەوڵەتانی پەیمانبەست بکات کە لە ماوەی دوو مانگدا پێشنیازی خۆیان ڕەپێش بخەن. پاشان، سکرتێری گشتی، لیستەی هەر هەموو کەسانی پێشنیاز کراو بە پێی ڕیزبەندی ئەلفوبێ لەتەک ناوی ئەو دەوڵەتە پەیمانبەستەی پێشنیازی کردوون، ساز دەکات و دەیخاتە بەر دەستی دەوڵەتانی پەیمانبەست.

5- هەڵبژاردن لە جڤینی دەوڵەتانی پەیمانبەستدا دەبێ، کە سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو داوایان دەکات و لە بارەگای دەوڵەتانی یەکگرتوو دەگیرێن. لەم جڤینانەدا، کە بە

ئامادەبوونی دوو لە سێی ژمارەی دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبنە بڕیاردەر، ئەو کەسانەی زیاترین ژمارەی دەنگ و زۆرینەی ڕەهای دەنگی دەوڵەتانی پەیمانبەستی ئامادە و دەنگدەر دەهێنن، بۆ کۆمیتەکە دێنە هەڵبژاردن.

6- ئەندامی کۆمیتە بۆ ماوەی چوار ساڵ دێنە هەڵبژاردن. دەشێ بێنەوە هەڵبژاردن ئەگەر دیسان ناوزەد بکرێنەوە. دوو ساڵ پاش هەڵبژاردنی یەکەم، کاتی منداتی پێنج ئەندام کۆتا دەبێ. دەستبەجێ پاش یەکەم هەڵبژاردن ناوی ئەو پێنج ئەندامە، بە ناو ڕاکێشان، لەلایەن دەمڕاستی جڤینەکەوە دیاری دەکرێ.

7- ئەگەر ئەندامێکی کۆمیتەکە بمرێت، یان دەست لە کارەکەی خۆی هەڵ بگرێت یان ئاشکرای بکات کە لەبەر هەر هۆیەک بێت ناتوانێ کارەکەی خۆی لە کۆمیتەکەدا جێبەجێ بکات، ئەوا دەبێ ئەو دەوڵەتە پەیمانبەستەی ئەم ئەندامەی ناوزەد کردبوو، بە مەرجی سەلماندنی کۆمیتەکە، پسپۆڕێکی دیکە لە ناو هاوزێدانی خۆیدا ناوزەد بکات بۆ گرتنە ئەستۆی ئەو ئەرکە بۆ ئەو ماوە مەنداتەی ماوە.

8- کۆمیتەکە خۆی شیرازەی کاری خۆی دیاری دەکات.

9- کۆمیتەکە سەرۆکایەتییەک، بۆ ماوەی دوو ساڵ، بۆ خۆی هەڵ دەبژێرێ.

10- جڤینەکانی کۆمیتەکە لە بارەگای دەوڵەتانی یەکگرتوو، یان لە جێیەکی دیکەی لەبار کە کۆمیتەکە بڕیاری دەدات، دەگیرێن. لە باری ئاساییدا کۆمیتەکە ساڵانە کۆ دەبنەوە. ماوەی جڤینەکانی کۆمیتەکە بە ڕێک کەوتن لەگەڵ دەوڵەتانی پەیمانبەستدا دیاری دەکرێ و، گەر پێویستی کرد، دەستکاری دەکرێ، ئەویش بە سەلماندنی ئەنجومەنی گشتی.

11- سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو دەبێ کارمەند و دەزگەی پێویست تەرخان بکات بۆ ئەوەی کۆمیتەکە بتوانێ ئەرکی خۆی بەپێی ئەم پەیماننامەیە بە شێوەیەکی کاریگەر جێبەجێ بکات.

12- ئەندامانی ئەم کۆمیتەیەی بەپێی ئەم پەیماننامەیە دامەزراوە، دەبێ بە سەلماندنی ئەنجومەنی گشتی مووچە وەربگرن بەو مەرجانەی ئەنجومەنی گشتی دایدەنێ.

بەندی 44

1- دەوڵەتانی پەیمانبەست پەیمان دەدەن لە ڕێی سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتووەوە ڕاپۆرت بدەن بە کۆمیتەکە دەربارەی ئەو کارانەی کردوویانە بۆ پیادە کردنی ئەو مافانەی لەم پەیماننامەیەدا هاتوون و پێشکەوتنێکی وەدەست هاتبێ لە سوودمەندبوون لەم مافانە:
a. لە ماوەی دوو ساڵی پاش ئەوەی ئەم پەیماننامەیە دەوڵەتی پەیمانبەست دەگرێتەوە،
b. پاش ئەوە بە پێنج ساڵ جارێک.

2- ڕاپۆرتەکانی سەر بەم بەندە دەبێ هەلومەرج و کێشە، گەر هەبێ، دیاری بکات و چۆن کاری کردۆتە سەر جێبەجێ کردنی پەیمانەکانی ئەم پەیماننامەیە. ڕاپۆرتەکان دەبێ ئاگاداریی تەواویان تێدا بێ بۆ ئەوەی کۆمیتەکە وێنەیەکی تەواوی هەبێت دەربارەی پیادە کردنی بڕیارەکانی ئەم پەیماننامەیە لەو دەوڵەتەی جێی باسە.

3- دەوڵەتێکی پەیمانبەست کە لە یەکەم ڕاپۆرتدا ئاگاداریی تەواوی داوە بە کۆمیتەکە پێویست ناکات لە ڕاپۆرتەکانی پاش ئەویاندا، کە لە بەشی b ی یەکەم خاڵدا باس کراون، هەمان ئاگاداریی بنەڕەتی دووپات بکاتەوە.

4- کۆمیتەکە دەتوانی داوای ئاگاداریی زیاتر بکات لە دەوڵەتانی پەیمانبەست دەربارەی جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەم پەیماننامەیە.

5- کۆمیتەکە بە دوو ساڵ جارێک، لە ڕێی کۆڕی ئابوورەکی و جڤاکییەوە، ڕاپۆرت دەربارەی کارەکانی خۆی دەخاتە بەردەم ئەنجومەنی گشتییەوە.

6- دەوڵەتانی پەیمانبەست دەبێ ڕاپۆرتەکانی خۆیان لە وەڵاتەکانی خۆیاندا بۆ گەل ئاشکرا بکەن.

بەندی 45

بە مەبەستی ڕێ خۆش کردن بۆ جێبەجێ کردنێکی کاریگەرانەی بڕیارەکانی ئەم پەیماننامەیە و بۆ هاوکاریی نێونەتەوەیی لەو بوارانەی پەیماننامەکە دەیان گرێتەوە، دەبێ:
a. بنگەی تایبەتکار، «فەندی زارۆکانی سەربە دەوڵەتانی یەکگرتوو» و بنگەی دیکەی دەوڵەتانی یەکگرتوو مافیان هەبێ بەشدار بن لە چاودێریی جێبەجێ کردنی ئەو

بڕیارانەی ئەم پەیماننامەیە کە دەکەونە چوارچێوەی منداتی ئەوانەوە. کۆمیتەکە بۆی هەیە داوای ئامۆژگاری پسپۆڕانە بکات لە بنگە و سازمانی پسپۆر، کە کۆمیتەکە بە لەباری بزانێت، دەربارەی جێبەجێ کردنی ئەو بڕیارانەی ئەم پەیماننامەیە کە دەکەونە چوارچێوەی چالاکی ئەوانەوە. کۆمیتەکە بۆی هەیە داوای ڕاپۆرت بکات لە بنگەی تایبەتکار، «فەندی زارۆکانی سەربە دەوڵەتانی یەکگرتوو» و لە بنگەی دیکەی دەوڵەتانی یەکگرتوو دەربارەی پیادە کردنی ئەم پەیماننامەیە لە بوارێکی بکەوێتە چوارچێوەی چالاکیی خۆیانەوە.

b. کۆمیتەکە، بە شێوەیەکی خۆی بە لەباری بزانێ، دەبێ ئەو ڕاپۆرتانەی دەوڵەتانی پەیمانبەست بدات بە بنگەی تایبەتکار، فەندی زارۆکانی سەربە دەوڵەتانی یەکگرتوو، بنگە و سازمانی دیکەی پسپۆڕ، کە دەربارەی داواکاری یان پێداویستی ئامۆژگاریی تەکنیکی یان کۆمەکی تەکنیکین، وێڕای دید و بۆچوونی کۆمیتەکە خۆی و پێشنیازەکانی دەربارەی ئەو داواکاری یان پێداویستییانە.

c. کۆمیتەکە بۆی هەیە ڕاسپاردە بداتە ئەنجومەنی گشتی بۆ داوا کردن لە سکرتێری گشتی کە، بۆ سوودی ئەم کۆمیتەیە، بڕیاری تۆژینەوە بدرێ دەربارەی دۆزی تایبەت بە مافگەلی زارۆک.

d. کۆمیتەکە بۆی هەیە پێشنیاز و ڕاسپاردەی گشتی بدات لەسەر بنەمای ئاگادارییەکانی بەندی 44 و 45 ی ئەم پەیماننامەیە. ئەو پێشنیاز و ڕاسپاردە گشتییانە دەدرێنە هەموو دەوڵەتێکی پەیمانبەستی پەیوەندیدار و هەروەها دەدرێنە ئەنجومەنی گشتی لەگەڵ تێبینیەکانی دەوڵەتانی پەیمانبەست، گەر هەبن.

## بەشی سێیەم

### بەندی 46

ڕێ کراوەیە بۆ هەموو دەوڵەتان ئەم پەیماننامەیە مۆر بکەن.

### بەندی 47

ئەم پەیماننامەیە دەبێ بسەلمێندرێ و ئامرازی سەلماندنەکەشی دەسپێردرێ بە سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو.

بەندی 48

ئەم پەیماننامەیە هەر بە کراوەیی دەمێنێتەوە بۆ هەر دەوڵەتێکی ئامادە بێ پێبەندی بێ. ئامرازی پێبەندبوونەکە دەسپێردرێ بە سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو.

بەندی 49

1- ئەم پەیماننامەیە دەبێتە بڕیاردەر پاش سێهەمین ڕۆژی پاش ڕۆژی سپاردنی بیستەمین ئامرازی سەلماندن، یان پێبەندبوون، بە سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو.

2- لە پەیوەندیدا لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی سەلمێنەری یان پێبەندی ئەم پەیماننامەیە، پاش سپاردنی بیستەمین ئامرازی سەلماندن، یان پێبەندبوون، ئەم پەیماننامەیە دەبێتە بڕیاردەر پاش سی ڕۆژ لەوەی ئەو دەوڵەتە ئامرازی سەلماندن، یان پێبەندبوونی، دەسپێرێ.

بەندی 50

1- دەوڵەتێکی پەیمانبەست بۆی هەیە پێشنیازی گۆڕانکارییەک بکات لەم پەیماننامەیەدا و پێشنیازەکەی بنێرێت بۆ سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو. پاشان سکرتێری گشتی پێشنیازی گۆڕانکارییەکان دەنێرێت بۆ دەوڵەتانی پەیمانبەست لەگەڵ داوای وەڵام لەسەر ئەوەی ئایە ئەو دەوڵەتانە لایان باشە کۆنفرانسێک بۆ دەوڵەتانی پەیمانبەست بگیرێت بە مەبەستی باس کردنی پێشنیازەکان و دەنگ دان لەسەریان یان نا. ئەگەر لایەنی کەم یەک لە سێی حکوومەتەکان لە ماوەی چوار مانگی پاش ناردنی پێشنیازەکان کۆنفرانسێکی ئەوتۆ بسلەمێنن ئەوا سکرتێری گشتی بانگی کۆنفرانسێک دەدا لە چوارچێوەی دەوڵەتانی یەکگرتوودا. پێشنیازێکی گۆڕانکاری کە زۆربەی دەنگی دەوڵەتانی پەیمانبەستی ئامادە و دەنگدەری کۆنفرانسەکە بهێنێت دەخرێتە بەردەم ئەنجومەنی گشتییەوە بۆ سەلماندن.

2- گۆڕانکارییەکی لە بابەتی خاڵی یەکەمی ئەم بەندە کە لەلایەن ئەنجومەنی گشتییەوە سەلمێندرا و دوو لە سێی دەوڵەتانی پەیمانبەست دەنگیان بۆ دا، کارایە.

3- که گۆڕانکارییەک بە کارا دانرا، ئەوا ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە کە گۆڕانکارییەکەیان سەلماندووە. دەوڵەتەکانی دیکەی پەیمانبەست هێشتا هەر گرێدراوی ئەم پەیماننامەیەن و، گەر هەبێ، گۆرانکارییەکانی پێشتری.

بەندی 51

1- سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو دەبێ تێکستی پەرواگەریی دەوڵەتانی پەیمانبەست، کە دەمی سەلماندن یان پێبەندبوونیان دایان ڕشتووە، وەربگرێ و بنێرێت بۆ هەموو دەوڵەتان.

2- پەرواگەرییەک دژ بە مەبەست و ئامانجی ئەم پەیماننامەیە بێ ناسەلمێندرێ.

3- دەکرێ پەرواگەری لە هەر کاتێکدا بێ بکێشرێتەوە، وەها باشە بە تێبینییەک ئاڕاستەی سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو بکرێ. پاشان ئەویش هەموو دەوڵەتان ئاگادار دەکاتەوە. تێبینییەکە لە ڕۆژی وەرگرتنییەوە لەلایەن سکرتێری گشتیەوە کارایە.

بەندی 52

دەوڵەتێکی پەیمانبەست دەتوانێ پاشەکشە لەم پەیمانە بکات بە نووسینی تێبینییەک بۆ سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو. ، پاشەکشەکە یەک ساڵ پاس وەرگرتنی تێبینییەکە لەلایەن سکرتێری گشتیەوە، کارایە.

بەندی 53

سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو بە ئەمینداری ئەم پەیماننامەیە دادەنرێ.

بەندی 54

تێکستی ڕەسەنی ئەم پەیماننامەیە، کە تێکستە عارەبی، ئینگلیزی، فرانسی، چینی، ڕووسی و سپانییەکەی وەک یەک ڕەوان، دەبێ بسپێرێن بە سکرتێری گشتیی دەوڵەتانی یەکگرتوو. بۆ

سەلماندن لێرەدا نوێنەرانی ئیمزاکار، کە هەر یەکەی لەلایەن حکوومەتی خۆیەوە مافی مۆری دراوەتێ، ئەم پەیماننامەیەیان مۆر کردووە.

«» «» «»

ڕوون کردنەوەی چەند وشەیەک

- بەدڕووداو accident
- بەیاننامەی دەوڵەتانی یەکگرتوو The Charter of the United Nations
- بووژاندنەوە rehabilitation
- پەرواگەری reservation تحفظ
- پەیماننامەی نێونەتەوەیی دەربارەی مافی مرۆڤ International Covenants on Human Rights
- پێشپێگیری preventive بۆ پێش گرتن لە ڕووداوێک
- تەبەننی adoption
- جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ The Universal Declaration of Human Rights
- جێنشین placement
- ناسنامە identity
- دەوڵەتانی یەکگرتوو United Nations
- ڕاستاندنی realization تحقیق
- ڕێساگەلی پرۆسەکاری procedural rules
- فەندی زارۆکانی سەربە دەوڵەتانی یەکگرتوو United Nations Children's Fund
- ماوەماوە periodic
- کاتی پشوو leisure
- گەشانەوە recreation
- نێوان دەوڵەتی intergovernmental
- وەڵاتانی فراژی developing countries

«» «» «»